www.kurdistannet.org
7-2-2006 19:45بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەلاغی كۆتایی كۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەركردایەتی كۆمەڵی ئیسلامی

بسم الله الرحمن الرحيم

رۆژانی دووشەممە و سێشەممە (8-9\محەڕڕەم \ 1427) ی كۆچی بەرامبەر بە 6-7\2\2006 ئەنجومەنی سەركردایەتی كۆمەڵی ئیسلامیی لە شاری هەولێر كۆبونەوەی ئاسایی خۆی سازدا. . .

لەسەرەتای كۆبونەوەكەدا مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامیی باسی لە بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان و عێراق و كوردستان و ئەو روداوانەی كە تیایاندا روو دەدەن كرد، هەروەها بارودۆخی كۆمەڵی ئیسلامیی و ئەركەكانی پاش بەستنی كۆنگرە روونكردەوە، پاشان باسی لەو بێڕێزیانە كرد كە لەچەند بڵاوكراوەیەكی رۆژئاواییدا بەرامبەر بە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ دەكرێت، كەلە كوردستانیشدا وێنەی ئەوان و بگرە خراپتریش هەیە، پاشان ئەنجومەنی سەركردایەتی ئەم تەوەرانەو چەند تەوەرەیەكی گرنگی دیكەی خستە بەرباس و لێكۆڵینەوە. . . . .

1. ئەنجومەنی سەركردایەتی گەشبینی دەربڕی بەرانبەر بەو گەشەكردنانەی كەڕوو لە رابوونی ئیسلامیی دەكات، سەرەڕای گشت ئەو رێگرو لەمپەرانەی كە دەخرێتە بەردەمی، بەتایبەت سەركەوتنی (حەماس) لە هەڵبژاردنەكانی فەلەستین و ئەو وەدەنگ هاتنە بەرفراوانە جەماوەریانەی مسوڵمانانی جیهان لەسەر بێڕێزی نواندن بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ و موقەددەساتی ئیسلامیی. . .

2. سەركردایەتی كۆمەڵ پێخۆشحاڵیان دەربڕی بەرامبەر بە یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، و سەرەڕای تێبینی و رەخنە لەسەر شێوەی یەكگرتنەوەكە و بڕیاری پێكهێنانی حكومەتێكی یەكگرتوو، بڕیاردرا بە ئیجابی مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریانەدا بكات و هاوبەشبێت لە هەر پرۆسەیەكدا كە لە بەرژەوەندی گشتی دابێت و خزمەت بە دین و ژینی گەلی كوردستان بكات. . .

3. كۆدەنگی ئەنجومەنی سەركردایەتی بە توندی ئیدانەی ئەو بێڕێزیانەی كرد كە بەرامبەر بە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لە دانیمارك و نەرویژ و وڵاتانی رۆژئاوا دەكرێت و بە بێ رێزی دانا بەرامبەر بە سەرجەم مسوڵمانان و مرۆڤایەتیش و ئەم هەنگاوە ترسناكەشی بە پرۆسەی مل ملانێی شارستانیەكان دانا كە بەشێكی زۆری رۆژئاواییەكان ئیشی لەسەر دەكەن و دەیانەوێت بەرامبەر بە جیهانی ئیسلامیی بیكەن، هەر لەو تەوەرەدا ئەنجومەنی سەركردایەتی ئیدانەی توندی ئەو بڵاوكراوەو كتێبانەی كرد كە لە كوردستان دا پەخش دەكرێن و بە بەشێكی دانا لە پرۆسەی هەوڵی سوككردنی پیرۆزی یە ئیسلامییەكان و داوای لە جەماوەری مسوڵمانی كوردستان كرد كە وریایی یان هەبێت و بە توندی بە گژیاندا بچن و رازی نەبن سووكایەتی بە دین و موقەددەساتیان بكرێت، هەروەها داوایان لە هەردوو ئیدارەكرد كە لێپرسینەوەیان لەوبارەیەوە هەبێت و رێگە نەدەن كەسانێكی نەفس نزم بە ناوی ئازادی رادەربڕینەوە بێڕێزی بنوێنن بەرامبەر بە ئیسلام و مسوڵمانان. . . .

4. لەتەوەرێكی دیكەی كۆبوونەوەكەدا بڕیار لەسەر وردەكاری پێكهێنانی مەكتەبەكان دراو بەرپرسی مەكتەبەكان راسپێردران كە لە زووترین دەرفەتدا

دەستبەکاربن و چەند لیژنەیەکی باڵا راسپێردران بۆ پێکهێنانەوەی مەڵبەند و ناوچەکانیان و سەرجەم ئۆرگانەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی. . .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی
کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان \ عێراق
هەولێر – 9ی محرەم -1427
7ی شوبات - 2006